# هەر پێغەمبەرێک کە خوای گەورە ناردبێتی بۆ ئومەتەکانی پێش من؛ چەند هاوەڵێکی نزیکیان هەبووە کە دەستیان بە سوننەت وڕێبازەکەیەوە گرتووە وفەرمانەکانیان جێبەجێ کردووە

له‌ عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر پێغەمبەرێک کە خوای گەورە ناردبێتی بۆ ئومەتەکانی پێش من؛ چەند هاوەڵێکی نزیکیان هەبووە کە دەستیان بە سوننەت وڕێبازەکەیەوە گرتووە وفەرمانەکانیان جێبەجێ کردووە، لە پاش ئەوان کەسانێک هاتن ئەوەی دەیڵێن؛ کردەوەی پێ ناکەن، وئەوەی کردەوەی پێ دەکەن؛ فەرمانیان پێ نەکراوە لە سەر ئەنجامدانی، ئەوەی بە دەست جیهاد وکۆشش بەرامبەریان بکات؛ ئەوا ئیمانداره، ئەوەی بە دەم جیهاد وکۆشش بەرامبەریان بکات؛ ئەوا ئیمانداره، ئەوەی بە دڵ جیهاد وکۆشش بەرامبەریان بکات؛ ئەوا ئیمانداره، وله‌ پاش ئەمەوە تەنانەت بە ئەندازەی دەنکە خەردەلێك ئیمان بوونی نییە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە هەر پێغەمبەرێك الله ناردبێتی لە پێش ئەو؛ ئەوا لە نێو ئومەتەكەیدا كەسانێك هەڵبـژێردراون وەكـو پشتیـوان وتێكۆشـەری دڵسـۆز، وگونجـاون بـۆ جێنشینـی لەپـاش ئـەو پێغەمبەره؛ ودەستیان بە ڕێبازەكەی گرتووە، وفەرمانەكانیان جێبەجێكردووە، دواتر لەپاش ئەو پێشینە چاكە خەڵكانێك هاتن كە هیچ خێرێكیان تێدا نییە، وئەوەی دەیڵێن جێبەجێی ناكەن، وئەوەی دەیكەن فەرمانیان پێنەكراوە بە كردنی؛ بۆیە ئەوەی بە دەستی دژیان تێبكۆشێت ئەوا تێكۆشەرە -موجاهیدە-، وئەوەی بە زمانی دژیان تێبكۆشێت ئەوا موجاهیدە، وئەوەی بە دڵی دژیان تێبكۆشێت ئەوا موجاهیدە، وله‌ پاش ئەمە هێندەی كێشی تۆوی خەردەلێك ئیمان لە دڵدا نەماوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3480

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee